هەرێمی کوردستان/عێراق | إقليم كوردستان /العراق
ئەنجومەنی وەزیران | مجلس الوزراء

**پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**بەشی یەکەم**
**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم:** مەبەست لەم زاراوانە ماناکانی بەرامبەریانە:

١) هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.
٢) دەزگا: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٣) ئەنجومەنی باڵا: ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژکاریی دەزگا.
٤) سەرۆک: سەرۆکی دەزگا.
٥) ئەندام: ئەندامی ئەنجومەنی باڵا.

**بەشی دووەم**
**دامەزراندنی دەزگا و ئامانجەکانی**

**ماددەی دووەم:**

دەزگا دامەزراوەیەکی ڕووناکبیریی سەربەخۆیە و خاوەن کەسێتی مەعنەویی خۆیەتی، بەمەبەستی خزمەتکردن وگەشەپێدانی بزووتنەوەی ڕووناکبیریی لە هەرێمدا دامەزراوە، و بۆی هەیە هەر کار و کردەوەیەکی ڕووناکبیری ئەنجام بدات، لە چوارچێوەی یاسا و لە خزمەتی ئامانجەکانیدا بێت.

**ماددەی سێیەم:**

مەڵبەندی گشتیی دەزگا لە شاری سلێمانی دەبێت، بۆی هەیە لە شارەکانی تری هەرێم و عیراق و دەرەوەی وڵات ئۆفیس بکاتەوە، بە مەرجێک لە خزمەتی ئامانجەکانیدا بێت.

هەرێمی کوردستان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان /العراق

مجلس الوزراء

ماددەی چوارەم: ئامانجەکانی دەزگا:

١) بەشداریکردنی کاریگەرانە لە خولقاندن و بەرەوپێشبردنی رووناکبیریەکی پێشکەوتووخوازی سەردەمیانە لە هەرێمدا.

٢) چاپکردن و بلاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و بلاوکراوەی جۆربەجۆر بە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکە وبەهێزکردنی پرۆسەی وەرگێران لە زمانی دیکەوە بۆ زمانی کوردی و بەپێچەوانەشەوە.

٣) کاراکردنی هونەری شێوەکاری و کردنەوەی پێشانگای تایبەت و بەکۆمەڵ.

٤) سازکردنی کۆڕ و سیمینار و دیدار و فێستیڤالی جۆربەجۆر.

٥) هاوکاریکردنی ڕێکخراوە ئەدەبی و هونەری و رووناکبیرییەکانی دی.

٦) دامەزراندنی ئامرازی پەخشکردنی پێشکەوتوو و بلاوکراوەی ئەلکترۆنی.

٧) ڕۆڵگێران لە بنیاتنان و پشتگیریکردنی بزووتنەوەی رووناکبیریی میانڕەو و کولتووری لێبووردەیی وبەهێزکردنی دیالۆگی بنیاتنەرانە و قبولکردنی ئەوی دیکە لەناو کوردستان و نێوان گەلی کوردستان وگەلانی دیکەدا.

## بەشی سێیەم

## پەیڕەوی ناوخۆ

مادەی پێنجەم:

**یەکەم: ئەنجومەنی بالای راوێژکاری:** ئەنجومەن دانانی سیاسەتی دەزگا و چاودێریکردنە لە دەزگادا و ئەندامەکانی لە (٥) پێنج تاوەکو (٩) نۆ ئەندام پێکدێت، و کەمکردنەوە یان زیادکردنی ئەندامانی ئەنجومەن، لە ئەنجامی وازهێنان یان هەر هۆیەکی تر، بەدەنگدانی ٢/٣ی ئەندامانی دەبێت، و ئەندامانی ئەنجومەن لەناو خۆیاندا بە دەنگدان سەرۆک و جێگرەکەی هەلدەبژێرن.

**دووەم: مەرجەکانی بە ئەندامبوون لە ئەنجومەنی بالا:** بریتین لە :

١) تەمەنی لە ٣٥ سی وپێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

٢) ئەزموونی رووناکبیریی لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت.

٣) به پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆ و ڕێساکانی دەزگاوە پابەندبێت.
٤) ئەستۆپاک بێت و بەهیچ تۆمەتێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت.

سێیەم: به گوێرەی پێویست و بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی کۆبوونەوەکانی ئەنجام دەدات، و بڕیارەکان بەپێی زۆرینەی دەنگی بەشداربوان دەبێت و لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا، دەنگی سەرۆک یەکلاکەرەوە دەبێت.

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژکاری:**

١) دانانی نەخشەی کاری ساڵانە و بڕیاردان و دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان.
٢) پەسەندکردنی بودجە و حساباتی کۆتایی ساڵانە.
٣) هەڵبژاردن و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەزگا و ئەندامانی و کارمەندەکانی تری دەزگا.
٤) بڕیاردان لەسەر فراوانکردنی کارەکانی دەزگا و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنی و ڕاگرتنیان.
٥) دیاریکردنی مانگانەی کارمەندانی دەزگا و بڕیاردان لەسەر وازهێنان و کۆتاییهێنان بە ڕاژەیان.
٦) بڕیاردان لەسەر مامەڵەی یاسایی تایبەت بە بەرژەوەندییەکانی دەزگا.
٧) بڕیاردان لەسەر ڕێکەوتننامەی دەزگا لەگەڵ لایەنی تردا، کە لە ڕووی ماددی و ڕووناکبیرییەوە خزمەتی بەرژەوەندیی دەزگا بکات.
٨) بۆ کارئاسانیی کارەکانی دەزگا، ئەنجومەنی باڵا بەشێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی دەداتە سەرۆک.

**ماددەی شەشەم: سەرۆکی دەزگا:**

١) لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی باڵاوە بە دەنگدان هەڵدەبژێردرێت و باشتریشە کە بە لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت.
٢) ماوەی (٤) چوار ساڵ سەرۆک دەبێت و تەنیا جارێکی تر مافی هەڵبژاردنەوەی هەیە.
٣) دەسەڵاتەکانی ئەمانەی لای خوارەوەیە:

أ) سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی باڵا.

ب) داواکردنی کۆبوونەوەی نائاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا لە هەرکاتێکدا پێویست بێت.

ج) نوێنەرایەتیکردنی دەزگا لەبەردەم دادگا و دەزگا ڕەسمی و ناڕەسمییەکاندا و مافی بەوەکیل گرتنی پارێزەری تایبەت.

د) سەرپەرشتیکردنی کارەکانی سەرنووسەرانی گۆڤارەکان و زنجیرەی کتێب.

هـ) سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی باڵا.

و) واژۆکردنی گشت نووسراو و بڕیار و بەڵگەنامەکانی دەزگا.

ز) فەرماندان بە سەرفکردن لە سنووری دیاریکراودا و بەپێی ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی باڵا.

ح) دەتوانێت بەشێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بداتە جێگرەکەی یان هەر ئەندامێکی دی ئەنجومەنی باڵا.

گ) هەر کاتێک پابەندنەبوو بە پرۆگرام و پێڕەوەی ناوخۆوە بە ٣/٢ دەنگی ئەندامان لادەبرێت و سەرۆکی نوێ هەڵدەبژێرێت.

**ماددەی حەوتەم: جێگری سەرۆک:**

١) لەلایەن ئەنجومەنی باڵاوە بە دەنگدان هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆکدا هەڵدەبژێرێت و ئەو ئەرک و دەسەڵاتانە پیادە دەکات کە لە لایەن سەرۆکەوە بۆی دیاری دەکرێت.

٢) لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا هەموو دەسەڵاتەکانی ئەوی دەبێت.

**ماددەی هەشتەم: لایەنی ڕووناکبیریی دەزگا:**

ئەمەش پێکدێت لەمانەی خوارەوە و خەرجییەکانیان لەلایەن ئەنجومەنی باڵاوە دیاریدەکرێت:

١) گۆڤارەکان: هەر گۆڤارێک سەرنووسەر و بەپێی پێویست ستافی نووسین و هونەریی تایبەت بەخۆی دەبێت.

٢) زنجیرەی کتێب: کاروبارەکانی لەچاپدانی کتێبەکانی دەزگای لەئەستۆدایە و ئەندامێکی ئەنجومەنی باڵا بە پلەی سەرنووسەر سەرپەرشتیی دەکات، بە هاوکاریی ستافێکی شارەزای هەڵسەنگاندنی کتێب.

٣) گەلەریی سەردەم: بۆ نمایشکردنی کارەکانی هونەرمەندە شێوەکارییەکان و پەیکەرسازان و فیلمی سینەمایی و سازدانی کۆڕ و سیمیناری ئەدەبی و هونەری.

٤) ماڵپەڕی دەزگا: بۆ ناساندنی دەزگا و دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ خوێنەرانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.

٥) کتێبخانە.

**ماددەی نۆیەم: لایەنی کارگێڕی و دارایی:** دەزگا لەم بەشە سەرەکیانە پێکدێت:

١) کارگێڕی: کە ئەم هۆبانە دەگرێتەوە:

أ) خۆیەتی و ئەرشیفی کارگێڕی.

ب) خزمەتگوزاری و صیانە.

ج) گەلەری.

د) کتێبخانە.

هـ) ئەرشیفی بڵاوکراوەکان

٢) ژمێریاری، کە لەم هۆبانە پێکدێت:

أ) ژمێریار.

ب) خەزنەدار.

ج) یاریدەدەری ژمێریاری.

٣) وردبینی.

٤) گەنجینە و دابەشکردن.

٥) یاسایی.

٦) چاپخانە.

٧) ماڵپەڕ.

## بەشی چوارەم

## دارایی دەزگا

**ماددەی دەیەم:** دارایی دەزگا لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

١) یارمەتییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ.

٢) داهاتی موڵک و ماڵ و چالاکییەکانی دەزگا.

٣) فرۆشتنی بەرهەمەکانی دەزگا.

٤) بەخشینی یارمەتی و پیتاکی بێ مەرجی هەر کەس و لایەنێک.

**ماددەی یانزدەیەم:**

١) دەزگا سیستمی ژمێریاریی یەکگرتوو (**نظام المحاسبة الموحد**) پەیڕەودەکات.

٢) دارایی دەزگا ملکەچی چاودێریی دارایی گشتی لە هەرێمی کوردستان دەبێت، و لە لایەن سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی یەوە ووردبینی دارایی وژمێریاری دەکرێت و دەبێت ساڵانە ژمێریاری کۆتایی (حسابات ختامیه) ی دەزگا بە شەفافی بڵاوبکرێتەوە و تیایدا بوارەکانی داهات وخەرجییەکان بخرێنە ڕوو.

٣) دەزگا مافی ئەوەی هەیە موڵک و ماڵی گواستراوە و نەگواستراوەی هەبێت.

٤) دەزگا مافی بەکرێدان و بەکرێگرتن، ڕەهنکردن، فرۆشتن و کڕین، قرزکردن و بەقەرزدانی موڵک و ماڵی هەیە و بۆی هەیە حساب بانقی لە بانقە حکومی و ناحکومییەکاندا هەبێت.

٥) هەڵوەشاندنەوەی دەزگا، لەبەر هەر هۆیەک بێت، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی باڵا دەبێت، هەر سامان وموڵک و ماڵێکیش، دوای بەجێهێنانی ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆی دەزگادایە، دەبەخشرێت بەو لایەنانەی هەمان ئامانجی دەزگایان هەیە و بۆ سوودی گشتی دامەزراون.